RCoA
Royal College of Anaesthetists

Association of Paediatric Anaesthetists of Great Britain and Ireland

# مام ورچ

## بەنج وەردەگرێت

چیرۆکێک بۆ منداڵانی بچووک دەربارەی وەرگرتنی بەنج




Trusted Information Creator
Patient Information Forum

پێشنیازەکان بۆ دایبابان لەسەر لاپەڕەی پشتەوە بخوێنەوە





## سڵاو، من مام ورچم

هەفتەی ڕابردوو بەنجم وەرگرت لە نەخۆشخانەکە.

بەنجکردن ئەو کاتەیە کە پزیشکێک دەرمانێکت پێ دەدات بۆ ئەوەی هەستت نەمێنێت، هیچ شتێک نەبینیت یان نەبیستیت لەکاتی پشکنین یان نەشتەرگەری. زیاتر لە خەوێکی زۆر قوڵ دەچێت.

پزیشکەکە بەنجت دەداتی بۆ هەرچەندێک پێویستت بێت و هەر کاتێک کە بەنجەکە رادەگرن تۆش خەبەرت دەبێتەوە.


ئەتوانم پێت بڵێم چۆن بوو بۆ من؟



دەتوانیت یارمەتیم بدەیت تاوەکو زێبرای زۆوی، یاریە دڵخوزەکەم، بدۆزمەوە لەسەر هەموو لاپەڕەکان؟

## ئامادەبوون

باشترە چەند شتیک لەگەڵ خۆت بۆ نەخۆشخانەکە ببەیت. چەند بیجامەیەکم پێچایەوە، لەگەڵ فڵچەی ددان شتن، کتێبێک و یارییە دڵخوازەکەم.




## خواردن قەدەغەیە

نابێت هیچ خواردنێک لەناو سکت هەبێت کە بەنج وەردەگریت، لەبەرئەوە من نەمدەتوانی هیچ شتێک بخۆم. کەمێک ئاوم خواردەوە تا هەست بە تینویێتی زۆر نەکەم.


نەخۆشخانە
پرسگە
مام ورچ
پەرستیار
ڕێوی خان
R




## چاوپێکەوتن لەگەڵ پەرستیارەکە

لە نەخۆشخانەکە، پەرستیارێک پێوانەی کێشی منی کرد لەسەر تەرازووەکە تا لەدواتردا پزیشکەکان بزانن پێویستە بڕی ئەو دەرمانەی دەیدەن بەمن چەندە.

پەرستیارەکە پێوانەی گەرمی لەشی بۆ کردم و دەستبەندێکی پێدام کە ناوی منی لەسەر نووسرابوو تا هەمووان بزانن کە من.مام ورچم



## جۆرە جیاوازەکانی بەنجکردن

چاوم کەوت بە پزیشکی بەنجکردن. ئەو دکتۆرەیە کە ئاگای لە من بوو لەماوەی بەنجکردنەکەدا. ماددەی بەنجکردن دەکرێت لەڕێگەی بۆرییەکی بچووک بۆناو دەستت یان لەڕێگەی ماسکێک وەربگریت. باسی باشترین ڕێگامان کرد بۆمن.

دەتوانیت کرێم بەکاربهێنیت بۆسەر دەستەکانت بۆ ئەوەی بۆرییە بچووکەکە ئازاری زۆرت پێ نەگەیەنێت. دەرمانی بەنج دەچێتە ئەم بۆرییە بچووکەوە و لەڕاستیدا زۆر بە خێرایی کاری خۆی دەکات.




## مام ورچ بەنج وەردەگرێت



ماسکەکە بۆنی قەڵەمی ماجیک دەدات و کەمێک زیاتری پێدەچێت تا کاری خۆی دەکات. هێشتا پێویستت بە بۆرییە بچووکەکە دەبێت بۆناو دەستت لەدوای ماسکەکە بۆ حاڵەتێک ئەگەر پێویستت بە دەرمانی زیاتر بوو لەدواتر، بەڵام ناتوانیت هەست بە هیچ شتێک بکەیت دوای دانانی ماسکەکە بۆت.







## نزیک بووینەوە لە کاتی نەشتەرگەری

کاتێکی کەمم هەبوو بۆ یاری کردن پێش نەشتەرگەریەکەم. پەرستارەکەم داوای لێکردم کە جلی نەشتەرگەری لەبەر بکەم. هەندێک منداڵ لە جیاتیان بێجامەیان لەبەر دەکرد.

## مام ورچ بەنج وەردەگرێت

پێدەچێت چەند دەرمانێکت پێ بدەن لە قاوشەکە. ئەمە دەکرێت بۆ ئەوە بێت هەست بە ئازار نەکەیت دوای نەشتەرگەریەکە یان بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات هەست بە خەواڵوویی بکەیت پێش نەشتەرگەری.







## ژووری بەنجکردن

لە ژووری بەنجکردن ئامێرێکی لێ یە کە پێی دەڵێن شاشەی چاودێری ئەو ئامێرە بۆ چاودێری منە لە هەمو کاتێکدا. دەکرێت دایکم یان باوکم لەگەڵم بێت بۆ ژوورەکە.

## مام ورچ بەنج وەردەگرێت



پاشان کە خەوم لێکەوت دایک و باوکم چاوەڕێ منیان کرد. دەمزانی کە ئەوان زۆر دوور نین.




## لە ماوەی نەشتەرگەریەکەم

هیچم نایەتەوە بیر بەڵام ئەوە نەبێ کە پزیشکی بەنجکردن هەر لەگەڵ مابۆوە. چاودێریان کردم و بەنجیان پێدام.





## ژووری چاکبوونەوە

کاتێک کە نەشتەرگەریەکەم تەواو بوو، پزیشکی بەنج ئامێری پێدانی بەنجی کوژاندەوە، لە دوای ئەوە توانیم بەخەبەر بێم. پەرستارێک چاودێری کردم لە ژوری چاک بونەوە هەتا ئەو کاتەی کە دایک و باوکم دێن بۆلام.

## مام ورچ بەنج وەردەگرێت

سەرەتا کەمێک ئازارم هەبوو. پەرستارەکە یەکسەر هەندێک دەرمانی پیدام، بەزووی هەستم بە باشی کرد.






## هەستکردن بەبرسێتی


کاتێک هەستم بە برسێتی کردەوە، پەرستارەکە هەندێک خواردن و خواردنەوەی پێدام بیخۆم.

ئەوە باشتری کردم.

### مام ورچ بەنج وەردەگرێت

## لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە

پێویستە بۆ یەک شەو لە نەخۆشخانە بمێنمەوە.
دایکم یان باوکم دەتوانن لە نەخۆشخانە لەگەڵم بمێنەوە.






## کاتی چوونەوە بۆماڵەوە

هەموو کەسێ لە نەخۆشخانە زۆر میهرەبان بوون، بەڵام زۆر خۆش حاڵ بووم کە کاتێک دەچومە ماڵەوە.

ئایە حەزدەکەیت ڕەنگی ئەو وێنەیەم بۆ بکەی؟




# کێ کێیە وە چی چیە




## پزیشکی سڕکەر

ئەو پزیشکەی کە دەرمانی سڕکردنت پێ دەدات وە چاودێریت دەکات هەتا ئەو کاتەی هۆشت دێتەوە.



## پەرستارەکان

ئەو کەسانەن کە چاودێریت دەکەن کاتێک کە نەشتەرگەریت بۆ دەکرێت.



## شارەزای یاری تەندروستی


کەسێ کە لە نەخۆشخانە یارمەتیت دەدات و یاریت لەگەڵ دەکات وە تێت دەگەیێنێت کە چیت لێ بەسەر دێت. هەموو نەخۆشخانەیەک کەسی شارەزای یاری تەندروستییان نیە.



## پزیشکەکانی بەشی نەشتەرگەری و پەرستارەکانی ژوری نەشتەرگەری


کەسانێک یارمەتی پزیشکی سڕکەر دەدەن بۆ چاودێری کردنت لەوکاتەی کە دەرمانی سڕکردن وەردەگریت.

# مام ورچ بەنج وەردەگرێت





## ژووری نەشتەرگەری

ئەو ژورەی لە نەخۆشخانە کە نەشتەرگەریەکەی لێ ئەنجام دەدەرێت. هەموو شتێک زۆر خاوێنە وە ئەو خەڵکەی کاردەکەن لێرە جلوبەرگی بێجامە و کڵاو لەبەر دەکەن بۆ ئەوەی پرچیان ڕێکوپێک بێت.




## سکرینی چاودێری

ئامێرێک کە پزیشکی سڕکەر بە کاری دەهێنن بۆ ئاگاداربوون لە تۆ لەو کاتەی کە دەرمانی سڕکردنت وەرگرتووە. هەندێک لەزگە لەسینگ دەدەن وە فاقەت لە پەنجەی دەخەن بۆ پشکنینی خێرای لێدانی دڵت وچۆنیەتی هەناسە دانت.



## ژووری چاکبوونەوە یان یەکەی چاودێری دوای سڕکردن (پی ئەی سی یوو)

ئەو ژوورە منداڵ لێ بەهۆش دەهێننەوە دوای سڕکردنی.

هەموو هەوڵی ئێمە ئەوەیە زانیارییەکانی ناو ئەم بروشورە بێ هەڵە و نوێ بن، بەڵام ناتوانین دڵنیایی لەم بارەیەوە بدەین. ئێمە پێشبینی ئەوە ناکەین ئەم زانیارییە گشتیانە وڵامدەرەوەی هەموو پرسیارێکتان بن و هەڵگری هەموو ئەو شتانەی بۆ ئێوە گرینگن. باشتر وایە بڕیارەکانتان و هەر جۆرە نیگەرانییەکتان بە تیمی پزیشکیی خۆتان ڕابگەیەنن و ئەم بروشورە وەک ڕێنوێنێک بەکار بێنن. ئەم بروشورە باشترە وەک تاکە سەرچاوەی ئامۆژگاری لەبەر چاو نەگیرێت. نابێت بۆ مەبەستی تیجاری و پیشەیی بەکار بهێنرێت. بۆ ئاشکراکردنی تەواوەتی، تکایە کرتەیەک لێرە بکەن.

هەموو وەرگێڕانەکان لەلایەن گرووپی «وەرگێڕانی بێسنوور» ئامادەدەکرێن و تێکستەکان لە رووی کوالیتییەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی تا ئەو جێیەی بکرێت بێ هەڵە بن، بەڵام دیسان ئەگەری ئەوە هەیە هەندێکیان




# چۆن ئەو نامیلکەیە بەکاردەهێنیت

## زانیاری بۆ دایک و باوکان

ئێمە ئەو نامیلکەمان بۆ ئێوە دروستکردووە بۆ ئەوەی بیخوێنەوە بۆ منداڵەکانتان وە بۆ ئەوەی ئامادەیان بکەن بۆ سڕکردنیان. هەندێک کەستان پێدەناسێنێت کە لەوانەیە بیان بینین وە هەندێک شتان پێدەڵێن کە ئەگەر هەیە ڕووبدەن. دەتوانن وێنەکەی ئەو کەس یان خەڵکانە بگۆڕن لەگەڵ هەرکەسێکی تر کە لەگەڵ منداڵەکە بچێتە نەخۆشخانە ئەمەش جیاواز دەبێت لە نێوان خێزانەکان. بۆ منداڵەکەتان ڕوون بکەنەوە کە لەبەر چی ئیوە ئەو چیرۆکەیان بۆ دەخوێنەوە. ئەوە زۆر گرینگە کە بزانیت چیرۆکەکە مانای چی دەگەێنێت بۆیان وە بزانیت کە ئەگەر پرسیاریان هەیە.

ئەوە یارمەتی مندالەکە دەدات و ڕێگەی پێدەدات ئەدای چیرۆکەکە بکات و چارەسەری هەر نیگەرانیەک بکات کە هەیەتی بەبەکارهێنانی یارییەکی ناوسراو. هەندێک منداڵ لەوانیە وێنە کێشان هەڵبژێرێت بۆ دەربڕینی هەستەکانی.

ئەگەر منداڵەکەت تەمەنی لە سەروو سێ ساڵە وەیە ئەوا ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئامادەیان بکەن هەفتەیەک پێش سڕکردنەکە. بۆ منداڵی تەمەن خوار سێ ساڵ، ئەوا ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئامادەیان بکەن ڕۆژێک پێش سڕکردنەکە. لەگەڵ ئەوەش، تکایە ڕەچاوی تێگەیشتنی منداڵەکەت بکە.

---

## پێمان بڵێ کە ڕای تۆ چیە

ئێمە پشنیارەکان بە هەند وەردەگرین بۆ بەرەوە پێش بردنی نامیلکەکە. ئەگەر هەر سەرنجێکتان هەیە تکایە بە ئیمێڵ بۆمان بنێر
ن patientinformation@rcoa.ac.uk

**Royal College of Anaesthetists**
Churchill House
Red Lion Square 35
London WC1R 4SG

020 7092 1500

**rcoa.ac.uk**

چاپی چوارەم، نیسانی ٢٠٢٣

ئەم نامیلکەیە پاش بەرواری چاپکردن و دەرچوونی، لە ماوەی سێ ساڵدا پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.

©کۆلێجی شاهانە بۆ سڕکردن و کۆمەڵەی سڕکردنی منداڵانی بەریتانیای مەزن و ئێرلەندا

دەکرێت ئەم نامیلکەیە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی زانیاریی نەخۆش کۆپی بکرێت. تکایە ئاماژە بەم سەرچاوە ڕەسەنە بدە. ئەگەر حەزدەکەیت بەشێک لەم نامیلکەیە بەکاربهێنیت لە بڵاوکراوەیەکی دیکەدا، دەبێت سوپاس و پیزانینی گونجاو ئاماژەی پێبدرێت و لۆگۆ و هێما بازرگانییەکان و وێنەکان بسڕێنەوە. بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن.

ڕونکردنەوەکان لەلایەن ئاماندا لیلی وایت